# چەند دیاردەیکی فۆنۆلۆجی لە نێوان زارەکوردییەکان و زمانە ئێرانییەکاندا

د. مزگین عەبدورەحمان ئەحمەد
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی زمان

**سەرەتا:**

زارناسی بابەتێکی گرنگە لە کۆزمانەوانیدا کە لێکۆلینەوە لەم بوارەدا لە کوردستان کەمتر بایەخی پێدراوە، بە تایبەت لە سەر زارەکوردییەکان وەك پێویست ئاوڕی لی نەدراوەتەوە. زۆر بابەتی ناڕوون هەن کە پێویستی بە پێداچوون و راڤە کردنێکی زۆرتر هەیە. هەندێ جاریش پێویستی بە چونە ناو بابەتی مێژوویی و کەلچەرییەوە هەیە. ناکرێ بە لێکۆلینەوەیەك ئەم بابەتانە هەمووی بخرێتە بەرچاو یان روونکردنەوەیان لە سەر بدرێت، بەلاّم هەول دراوە کە لە بابەتێکی کورتدا چەند دیاردەیێکی فۆنۆلۆجی روون بکرێنەوە.

جیاوازی لە قسەکردندا لە نێوان زمان و زارەکانی یەك بنەماڵەدا شتێکی سروشتییە، دەبێ ئاگادار بین کە نەریتێکی هاوبەش بۆ درکاندن هەیە، لە هەموو لایەنێکەوە بۆ ئەوەی بە هێواشی لێك نزیك ببن، ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت گیرسانەوە(accommodation) ئەمەش لە کاتێکدا روو دەدات کە کەسێك بۆ شوێنێکی تر دەروات و بە ناچاری شێوازی قسەکردنی ناوچە نوێیەکە وەردەگریت. گۆڕانەکان کت و پڕ نیین و ماوەیەکیان دەوێت، بەلاّم ئەگەر قسەکان لە سەرەتاوە تۆمار بکەین دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە چەند جیاوازن(Spolsky,٢٠٠٨:٤٢). لەم لێکۆلینەوەیەدا هەولدەدەین کە تەنیا لایەنێکی ئەم بابەتە بخرێتە ژێر تیشکی لێکۆلینەوەدا، ئەویش گۆڕانی هەندێ بزوێن و نەبزوێنە لە ناو زارەکوردییەکاندا، کە بە شێوەی جودا و فۆرمی ترەوە دەردەبڕێن. جگە لە زارەکانی زمانی کوردی بەراورد لەگەل هەندێ لە زمانەکانی هاوسێ لە بنەماڵەی زمانی ئێرانی دەکرێت.

بۆ لێکۆلینەوە لەم جۆرە بابەتە و بابەتەکانی هاوشێوە دەکرێ پەنا ببرێتە بەر زارناسی مێژوویی(historical dialectology)، سەرەرای ئەمەش، ئەم لێکۆلینەوەیە زۆرتر لێکۆلینەوەیەکی بەراوردییە لە نێوان زارەکوردییەکان و چەند زارێکی زمانانی کۆمەڵەی ئێرانی. لە لێکۆلینەوەکەدا هەول دەدرێت لە سونگەیەکی وەسفی بەراوردی راڤە و شرۆڤەی بابەتەکان بکرێت. کەرەستەی بەکارهاتوو زار و شیوەزارەکانی کوردین، هەروەها زمانی فارسی و تالشی و تاتی بەکار هاتوون.

ئەم لێکۆلینەوەیە لە سێ کورتە باس پێکهاتووە:

باسی یەکەم/ لە سەر پێناسەی زار و هۆی دروستبوونی دەوەستێت.

باسی دووەم/ بە شێوەی گشتی باس لە سەر جیاوازییەکانی فۆنۆلۆجی لە نێوان زارەکوردییەکاندا دەکات.

باسی سێیەم/ بەراوردی چەند فۆنیمی زارەکوردییەکان و فارسی و تاتی وتالشی دەکات. دواتر خالە هاوبەش و جوداکان لە نێوان زار و زمانەکان بە دیار دەخرێن.

لە کۆتایشدا ئەنجامەکان بە چەندخالێك دیار دەکرێن.

بۆ ئاسانکردن و کورتبڕی چەند زاراوە و وشەی کە زور بەکار هاتوون، کورت (ئەکرۆنیم)کراون، بەم شێوەی

| ناو | کورتکراوە | ناو | کورتکراوە |
|---|---|---|---|
| کرمانجی ژورووو | ک.ژو | فەیلی | فە |
| کرمانجی ژێری | ک.ژێ | بادینی | با |
| لۆڕی | لۆ | فارسی | فا |
| تاتی و تالشی | تا | هەورامی | هە |
| بەرامبەر | ← | | |

خوارەوە:

باسی یەکەم:

1. پێناسەی زار:

نامانەوێت بە پێناسە تەقلیدییەکانی زاردا بچینەوە، بە کورتی لۆجیکیترین پێناسە بۆ زار ئەو تێروانینەیە کە چۆمسکی و دی سۆسیر بۆ زمانیان هەبوو، لە روانگەی ئەوانەوە زمان دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی زەینی و ئەبستراکت، کە سۆسیر بە زوبان (langue) و چۆمسکی بە توانست(competence) و لایەنەکەی تر کە سۆسیر بە گوفتار(parole) و چۆمسکی بە چالاکی(performance) ناویان دەبرد. لە سەر بنەڕەتی ئەم دابەشکردنە، زمان کۆمەڵێ یاسا و ڕێسای زەینی و نابەرجەستەیە کە بوونێکی لە دەرەوە نییە. ئەوەی کە مرۆڤ لە سەر بنەڕەتی ئەم یاسا و ڕێسایانەی زەینی و ئەبستراکت دێنێتە سەر زمان، لە واقعدا زارە جیاوازەکانی زمانیکن، نەك خودی زمان، کە واتە ئەوەی دەیڵێین و دەبیسین لە راستیدا زارە نەك زمان. واتە هەر کات ئەم یاسا زەینی و ئەبستراکتانە کارا کران و بوون بە شتی هەستپێکراو و مادی، ئیتر لە حالەتی زمان دەردەچن و دەبن بە زار. بە واتایەکی تر (زار، فۆرم و وێنەی دەقاودەق(عینی)ی زمانە لایەنە بەکارهاتووەکانیەتی لە گوفتار وقسەکردندا)(علی اکبرشیری ۱۳۸٦:۲۹).

ئەم پێناسەیە دەکرێ کەم و کورتی هەبێت بەڵام لۆجیکیترین پێناسەیە کە بتوانێ سنووری نێوان زار و زمان دەستنیشان بکات. بۆ نمونە، زمانی کوردی کۆمەڵێ یاسا و ڕێسای زەینی و نابەرجەستەیە لە ناو مێشکی هەر کوردێکدا، ئەوەی لەسەر ئەم یاسایانە کار دەکات زارە جیاوازەکانی کوردییە نەك خودی زمانی کوردی. بۆ نمونە زمانی کوردی خاونی زاری ناوچەیی جیاواز وەك کرمانجی، هەورامی، ...هتد، یا خاوەنی زاری کۆمەلایەتی جیاواز وەك کوردی بازاری، پیشەیی...هتد، یا زاری مێژوویی سەدەکانی حەوت و هەشت و...هتد، هەتا ئەوەی کە پێی دەڵێن زمانی ستاندەر هەر زاری ستاندەرە نەك زمان(عەبدولەناف رەمەزان، ۲۰۱۱:٤٨). لەم بارەوە جامبرز و ترادگیل دەڵێن:((باوەرمان وایە کە هەر تاکێك - کەسیك کە لە نعمەتی زمان بی بەش نەبیت - بەلای کەم خاوەنی زارێکە، بۆ نمونە، ئینگلیزی ستاندەریش بە تەواوەتی وەك زارەکانی تری ئینگلیزی زارێکە))(Chambers & Trudgill ۱۹۸۰:۳). لە لایەکی تر، تاك یا کۆمەڵە کەسیك بەشدار دەبن لە دروست کردنی زاردا، بەڵام کۆمەڵە زارێك لە دروستکردنی زماندا بەشداردەبن.

### ١.١ هۆی دروستبوونی زارەکان:

لە زماندا ڕێسایەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەر وێنەیەك بۆ یەك واتا و هەر واتایەك بۆ یەك وێنە دەگەڕێتەوە. دەکرێ ئەم ڕێسایە لە رووی زمانییەو بنەڕەتێکی باش بێت بەڵام لە تێروانینی کۆمەڵ، سود لە چەند ڕێگایەکی کەم و زور یەکسان، بۆرونکردنەوەی واتای یەك وێنە وەردەگیرێت. ئەم چەند جۆرییە دەبێتە هۆی جۆراوجۆری زمانی(linguistics variation). ئەمەش لایەنێکی گرنگ و هەندێ جار پێویستە لە ماهییەتی زماندا. سێ لایەن هەن کە بە هۆیەوە جۆراوجۆری زمانی یا خود زارەکان دروست دەبن و لە ناویاندا دەمێنێتەوە، ئەویش ڕەهەندەکانی (کات، کۆمەڵ، تاك/فرد)ن. ڕەهەندی کات دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جیاوازەکان و پێکهاتنی شارستانییەتی جودا، یا گواستنەوەی شارستانییەتێك لە شوین و سەردەمێك بۆ شوین و سەردەمێکی جودا. ڕەهەندی کۆمەڵ، هەموو دیاردەکانی سروشتی، رامیاری، ئابوری، رۆشنبیری، دەروونی و کۆچ و دایەسپۆرا دەگرێتەوە، ڕەهەندی تاك یا کەس هەموو بابەتەکانی گۆڕانی خودی زمان، گەشەی تاك، لەهجە(Accent)، سیاق(Register)، زاری تاکە کەسی(Idiolect)، شێوازی قسە(Speech style) دەگرێتەوە. ئەم سێ ڕەهەندەش هەر وەك لەم هێلکارییەدا دەردەکەوێت یەکتر دەبڕن (گرۆر هادسۆن، ١٣٨٢:٥٢١):




### ٢.١ دابەشبوونی زارەکان:

زارناسی دابەشی سەر(٤) لقی سەرەکی دەبێت، کە ئەوانیش بریتین لە:

١. زارناسی جوگرافی(geographic dialectology)
٢. زارناسی جڤاکی(socio dialectology)
٣. زارناسی ستاندەرد(standard dialectology)
٤. زارناسی مێژوویی(historical dialectology)

لەلایەن زمانەوانانی ئێمەوە تا رادەیەك باس لە زارناسی کۆمەلایەتی، جوگرافی، ستاندرد کراوە، بەڵام کەمتر بە لای زارناسی مێژوویدا رۆیشتوون. ئامانج لەم باسە ئەوەیە کە روونی بکەینەوە، لەبەرچی هێندێ زار و شیوەزار و بنزار لە زمانی کوردیدا هەن؟ چ پەیوەندییەك لە نێوان ئێمە و زمانەکانی تری بنەماڵەی ئێرانیدا

هەیە؟ ئاخۆ جیاوازییە فۆنیمییەکان زۆرتر لە کوێ دابەش دەبن؟ بەڵام بەر لەوەی بچینە ناو بابەتی مێژوویی پێویستە هەندێ لە سەر جیاوازییە فۆنۆلۆجییەکان لە نێوان زارەکوردییەکاندا بوەستین.

باسی دووەم/ جیاوازییە فۆنیمییەکان لە نێوان زارەکوردییەکاندا:

**١.٢. یەکەم/ کرمانجی سەروو:**

کرمانجی سەروو لە رووی تایبەتییەکانی دەنگییەوە هەندێ جیاوازی لە گەل زارەکانی تری کوردی هەیە. لە رووی بزوێنەکان ئەوەی کە شایەنی باس بێت لە خوارەوە ئاماژەی پی دەدەین:

١.١.٢. لە شێوەزاری بادینان دەنگی (ü) بوونی هەیە، کە وەك دیفتۆنگی(wî)یە یا خود وەك ئەلەفۆنی (وو) دەردەکەوێت. ئەم دیاردە فۆنۆلۆجییە لە زمانی ئینگلیزیدا نزیکەی ١٧٠٠ ساڵە کە گەیشتۆتە ئەو دۆخەی کە پێی بوترێت (گۆڕانی دەنگی گەورە)، بە شێوەیەك کە لە ئینگلیزی دێریندا بزوێنە درێژ و کراوەکان، واتە/ □, é, □/ ō, `□ لە درکاندندا گۆڕاون. فراوانتر یا درێژتر بوونە. داخراوەترین بزوێن واتە/ī,ū / بە ئاراستەی ناوەند راکێشراون و بەرەو ناوەند(centralized) رۆیشتوون و بوونەتە دوو دەنگی لیکدراو(Diphthongized)، هەر وەك ئەم هێلکارییە، گۆڕان بە سەر بزوێنەکانیان هاتووە(گرۆر هادسۆن١٣٨٧:٤٥٥):




بەڵام لە کوردیدا بە پێچەوانەی ئینگلیزی ئەم دەنگە لەسەرەتاوە بە شێوەی دیفتۆنگێکی بەهێز دەرکەوتووە، بەڵام ئێستا ئەم دەنگە لە ناو شارەکان بە تایبەت لە ناوچەی بادینان بەرەو (ی یا و) دەڕوات[١] و ئەگەری هەیە کە لە چەند ساڵی داهاتوودا بە یەکجاری لە ناو بچیت. بۆ نمونە لە رابردوودا ناوەکانی وەك (مەولود، مەحمود، مسعود، موسل) بە شێوەی(مەولوید، مەحموید، مەسعوید، مویسل) دەدرکێندران، بەڵام ئێستا کەمتر ئەم جۆرە درکاندنە دەبیسرێت(لەزگین چالی، nefel.com). نمونە بۆئەم دیفتۆنگە:

Bü(بوو)      mü(موو)      bük(بووك)      xwün(خوێن)

ئەم دەنگە لە زاری لۆڕیشدا هەیە، کەدواتر باسی دەکەین.

٢.١.٢. لە دەنگە نەبزوێنەکان هەر سێ دەنگی /P`,K`,T`/[٢] دەکرێ وەك فۆنیمی سەربەخۆ لە کرمانجی سەروودا هەژمار بکرێن، لەبەر ئەوەی جگە لە جیاوازی دەنگی، واتە لە روی سازگەی دەنگی و هەڵوێستی ئەندامانی ئاخاوتن، جیاوازی واتایش دروست دەکەن. ئەرانسکی لەم بارەوە دەڵێت: ((لە سیستەمی نەبزوێنەکانی کوردی (کرمانجی) کۆمەڵێ نەبزوێنی وەستاو و تەقیو و هەوایی(`K`,p`, t) و هەروەها دەنگێکی نەرمە مەلاشویی تایبەت(č́) هەیە))(یوسیف م.ئەرانسکی ١٣٨٦:١٢٨).لە رووی جیاوازی دەنگی:

---

١. ئەم دەنگە لە ناوچەی دهۆك بە سەرەوە هەر وەك ك.ژێ دەبێتەوە بە /وو/. وەك:

تەنیویر: تەنوور      خاتوین: خاتوون      دویر: دوور

٢ . بۆنووسینی پیتەکان لە رێنووسی جیهانی(IPA) سود وەرگیراوە، بەڵام بۆ رێنووسی عەرەبی بە پێی رای نووسەر دیاری کراون.

ا. دەنگی / `K/ لە هەمبەر /ك/ ئاسایی، هەردوو سازگەیان نەرمە مەلاشۆییە دەنگی وەستاو و تەقیون بەلام /ك´/ وەك ئەفریکێتی (ك+گ) دەردەکەوێت. فشارێکی زۆرتر دێتە سەر دواوەی زمان و بە تەواوەتی بە مەلاشۆی نەرمەوە دەنووسێت، ناهەواییە و دەنگێکی مەلاشوێندراوە. لە کاتێکدا کە/ك/ تەنیا بە دواوەی زمان گۆبێژ دەکرێت، لازاری و هەواییە. نمونە:

| | | |
|---|---|---|
| Kar:ئیش و کار | ker: گوێ دریژ | kel:ئاوی گەرم(کولاو) |
| K`ar:کاریلە | k`er:پارچە، کەرت | k`el:ئاژەڵی بە کەل |

ب. دەنگی/ `T/ وەك /ط/ی عەرەبی یە. لە ك.ژێ دا ئەگەر بە دوای /ڵ/ی قەڵەو بێت، ئەوە ئەم جۆرە درکاندنە هەستی پێدەکرێت، وەك سەڵتە، گاڵتە..هتد، بەلام لە ك.س دا وەك ئەلەفۆن دەرناکەوێت خۆی زۆرتر وەك فۆنیمێکی سەربەخۆ پێشان دەدات. لە هەمبەرکردنی لەگەڵ /ت/ وا دەردەکەوێت کەهەردووکیان سازگەیان نیو ددانی یە، بەلام /`T / فشاریکی زۆرتری دەوێت بۆدرکاندن و نوکی زمان بە تەواوەتی بە ددانەکانەوە گیر دەبێت. هەردووکیان دەنگی وەستاو و بە خشپە و بی ژێن بەلام /ت´/ مەلاشوێندراوە. نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| Ta:تا و لەرزە | Tan:هەتان(پەرژین) | Teba:تەبا |
| T`a: لق | T`an:تانە و تەشەرە | T`eba:هیچ |

شایەنی باسە کە لە ك.س دا زۆربەی ئەو /ت/یانەی کە لە تەك /ڕ/ی قورسدان، دەبن بە /ت´/، وەك تەڕ، تەڕە، تەڕاش، تەڕاد... هتد. جگە لەمەش ئەلەفۆنێکی تری /ت/ لە ك.س دا هەیە کە لە نێوان گ و ت دایە بە هۆی ئەوەی کە نمونەی جیاوازی واتایی دروست ناکات وەك فۆنیمیکی سەربەخۆ هەژمار ناکرێت. نمونە بۆ هەر سێ جۆرەکە:

ت: تێر

ت´: تیر

ط: طەڕ

پ. دەنگی /پ.`P/: ئەم فۆنیمەش جیاوازە لە فۆنیمی /پ/ کە بە شێوەیەکی ئاسایی بەکار دێت. لە ك.س دا بە هۆی جیاوازی لە درکاندن و دروست کردنی نمونەی واتایی جیاواز ئەمەشیان وەك فۆنیمی سەربەخۆ دەردەکەوێت. ئەم جۆرەیان وەك ئەفریکێتی (ب+پ)یە. هەرچەند سازگەی دەنگی هەردووکیان لێوی و سیمای وەستاو و تەقیویان هەیە، بەلام لە لەڕینەوەی ژێ یەکاندا جیاوازن، /پ/ لە گۆکردندا هێزی زیاتری دەوێت، هەردوو لێو زیاتر لە یەك دەکوشرێت، چەناگە زیاتر بۆ ژێرەوە رادەکێشرێت. نمونە:

| | |
|---|---|
| Par:بەش | Pend:پەند و نەسیحەت |
| P`r:پارسال | P`end:کۆبوونەوەی ئاو بە هۆی گیرانی ڕێڕەوی ئاو |

نمونەیەکی تریش لە /چ/ی جیاواز لە ك.س دا هەیە کە هەندێ زمانەوان بە فۆنیمیکی سەربەخۆ هەژماریان کردووە، بەلام نە لەلای ئێمە و نە لەلای ئەوانیش نموونەی کە واتای جیاواز دروست بکات نەهاتووە کە لێرەدا بە فۆنیمی سەربەخۆ هەژمار بکرێت.

**٢.٢. لە هەورامیدا:**

**١.٢.٢.بزوێنەکان:**

**ا. لە زاری هەورامیدا جگە لە بزوێنی /ێ.ê/ جۆرێکی تر لەم دەنگە هەیە کە جیاوازە لە درکاندن ئەگەر بە رێنووسی جیهانی بنووسرێت بەم شێوەیە/□ / دەردەکەوێت(محمدامین هەورامی، ١٩٨١:٩٦). لە گۆبێژکردندا ئاسانتر لە /ێ/ دەدرکێندرێت یا شێوەی درکاندنی لە نێوان دەنگی /ی/ و /ێ/ دایە(فریدون عەبدول محەمەد، ١٩٩٨:٧) و هەندێ جار لە چوارچێوەی دەنگ رۆڵ نابینێت و وەك مۆرفیمێکی پاشگر رۆڵ دەبینێت، هەر وەك ئەم ناوانەی خوارەوە کە/ێ.ê/ وەك مورفیمی نەناسیاوی و /□ / وەك مۆرفیمی کۆ رۆڵ دەگێڕن. نمونە:**

Zaru-ê:منالێك

Zaru- □:منالەکان

Jerej-ê:کەوێ

Jerej-□: کەوەکان

**ب. هەروەها لە هەورامیدا، دیفتۆنگی /ۆی.oî/ لە چاو زارەکانیتر زۆرتر بەکار دێت. وەك:**

| زارەکانی تر | هەورامی |
|---|---|
| حەوت | حۆت |
| نەوت | نۆت |

**لوا لا مامۆیش.**

**وەنێ وەلێ دۆیش.**

**جگە لەمەش لە زۆر وشەدا بزوێنی/ۆ.o/ی هەورامی شوێنی /ەو.ew/ لە زارەکانی تر دەگرێتەوە. نمونە:**

**٢.٢.٢. نەبزوێنەکان:**

**ا. دیارترین جیاوازی زاری هەورامی لەگەل زارەکانی تری کوردی ئەوەیە کە دەنگی/خ.X/ لە هەورامیدا بەتایبەت ئەگەر لە سەرەتای وشە بێت دەرناکەوێت، وەك:**

**خواردن ← واردەی**

**خواستن ← وازەی**

**خوێندن ← وەندەی**

**ب. جگە لەمە هەروەك دیارە لە لایەنی مۆرفۆلۆجییەوە لە هەورامیدا لە شوێنی (ن)ی چاوگ (ەی) بەکار دێت، وەك ئەم نمونانەی سەرەوە(مهاباد کامل عەبدوڵلا، ١٩٩٦:٨١). لەو وشانەی کە پێش (ن)بە بزوێن کۆتایی هاتوون لە شوێنی(ەی)، (ای) بە کار دێت. وەك مالین دەبێ بە مالای.**

**٣.٢. لە لۆڕیدا:**

**زاری لۆڕیش هەندێ تایبەتی خۆی لە رووی فۆنۆلۆجییەوە هەیە. لە خوارەوە چەند نمونەیەکی ئەم جیاوازییانە دیار دەکەین:**

١.٣.٢. بزوێنەکان:

ا. زاری لۆریش وەك شێوەزاری بادینی دیفتۆنگی/ü/ هەیە و زۆر بەکار دێت. بەشێکی زۆر لە دەنگی/وو.û/ دەبن بە /ü/.(ڕەفیق شوانی ١٢٢: ٢٠٠٨)

وەك:

bû → bü
dût → düt
Çûn → Çün

ب. دەنگی /ۆ.o/ زۆر بە کەمی و تەنیا لە چەند وشەیەکی وەك (ئەدۆم، ئەدۆیت) بە کار دێت، لە وشەکانی تردا نییە. یا ئەم دەنگە دەبێ بە /و/ی کورت (هیوا ئەحمەد عەساف، ٢٠٠٩:٢٢) وەك:

بۆر ← بور
گۆشت ← گوشت
گۆچان ← گوچان
دۆخەوا ← دوغەوا

یا دەبێ بە /وو/ درێژ، وەك:

زۆر ← زوور
ڕۆژ ← ڕووژ

یان دەگۆڕی بە دیفتۆنگی /وی/ وەك(ڕەفیق شوانی، ٢٠١٣:٣٧):

ڕۆن ← ڕوین
بۆن ← بوین
چۆن ← چوین

ئەم دیاردە دەنگییە لە بادینانیش بە هەمان شیوەیە.

دەنگی /وو/ لە فەیلیدا چ وەك مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو یا خود دەنگی بزوێن لە وشەکاندا دەبێ بە /ی/ (هیوا ئەحمەد عەساف٢٠٠٩:٢٣)، وەك:

ماندوو ← ماندی
قوتوو ← قوتی
خانوو ← خانی
توو ← توی
ڕوو ← ڕوی

هەڵبەت لە بادینان و لە شێوەزاری هەولێر و موکریانیش ئەم دیاردەیە وەك زاری لۆڕییە، هەندێ جاریش دەگەڕێتەوە سەر زمانی ڕسەن کە پەهلەوییە و دەبێ بە /گ/ وەك:

مردوو ← مردگ
زیندوو ← زیندگ
خەوتوو ← خەفتگ

خانوو ⟵ خانگ

دراو ⟵ دڕیاگ

هەندێ جار لە زاری لۆڕی و ك.ژوو دا دەنگی /و/ دەکری بە /ف/ بە تایبەت ئەگەر دەنگی /ت/ لە دوای بیت، (تارا عەبدوڵلا سەعید، ١٩٩٨: ١٧) وەك:

چەوت ⟵ چەفت

مزگەوت ⟵ مزگەفت

خەوت ⟵ خەفت

ئەشکەوت ⟵ ئەشکەفت

حەوت ⟵ هەفت

٢.٣.٢. نەبزوێنەکان:

ا. دەنگی /ڤ.v/ لە هەندێ شێوەزاردا زۆر بە کەمی بە دیار دەکەوێت یا هەر نییە. تەنیا لە وشەیەکی وەك (هەڤدە) دا نەبێت.

ب. دەنگی /ح.ḧ/ لە لۆریدا نییەو لە شوینی ئەو /ه.h/ بەکار دێت. هەر وەها دەنگی/غ.γ / لە لۆڕیدا نییە و لە شوینی ئەو /خ/[٣] بەکار دێت یا دەسوێ . وەك:

حەماڵ ⟵ هەماڵ

شێخ حەسەن ⟵ شێ هەسەن

غارەت ⟵ خارەت

مەشغول ⟵ مەشخول

ج. ئەوەی کەگرنگ بیت لە زاری لۆڕیدا ئەفریکێتی /نگ،ŋ/ هەندێ جار وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەم لە رووی درکاندن و هەم لەرووی واتا جیاوازی دروست دەکات، لە بەرامبەر هەردوو دەنگی /ن.n/ و /گ.g/. ئەم نمونە جیاوازیەش لە زارەکانی تری کوردیدا بەدی ناکرێت. نمونە:

şeng ⟶ şux u şeng

şeŋ ⟶ gulle, fîşek

دەنگی /د/ لە هەندێ وشەدا دەگۆڕێ بە /ی/ وەك ئەم نمونانەی خوارەوە(تارا عەبدوڵلا سەعید، ١٩٩٨: ١٧):

---

[٣]. لە فارسیدا لە هەندێ وشە، دەنگی /خ/ لە کوردی(کرمانجی)دا بوونەتە (ه) وەك:

| | |
|---|---|
| فارسی | کوردی |
| پختن | پاهتن |
| فروختن | فروهتن |
| تەلخ | تەهل |
| سوختن | سوهتن |

لە حالەتێکیشدا پێچەوانە بۆتەوە، وەك:

| | |
|---|---|
| نهفتن | نخافتن |

هەندێ جاریش بۆتە /ف/ لە کوردیدا، وەك:

خنك: فێنك

ئادەم: ئایەم

قەدری: قەیری

مەیدان: مەیان

**جیاوازییە گشتییەکان لە نێوان زارەکاندا:**

**١.٤.٢. بە شێوەی گشتی هەندێ جیاوازی لە نێوان ک.س و ک.ن لە خوارەوەدا دەخەینە بەرچاو:**

| ک.ژوو | ک.ژێ |
|---|---|
| h ⟶ | w |
| hurd | wird |
| hişk | wişik |
| hirç | wirç |
| hşyar | wişyar |
| v ⟶ | w |
| nav | naw |
| mêvan | mêwan |
| kivan | kewan |

| ک.ژێ | ک.ژوو |
|---|---|
| d ⟶ | Ø |
| sard | sarٔ |
| pird | pir |
| zerd | zer |
| kird | kir |
| | |
| o ⟶ | we |
| xoş | xweş |
| xo | xwe |

**٢.٤.٢. هەندێ جار یەک دەنگ لە زارەکوردییەکاندا بە چەندشێوەیەکی جودا دەردەکەوێت. بۆنمونە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| xîn | xwên | xun | xün |
| şîn | şwên | şun | şün |
| bîn | ----- | bun | bün |

[٤] . ئەم حالەتە لە ک. ژێ دا، لە فارسی نزیکە. واتە لە فارسیدا کارەکانی (د)ی وەک (ک.ژێ)ن بەلاّم ک.ژوو و زمانی گیلەکی و تالشی ئەم (د)ەی نامینێت.(مهرداد نغزگوی).

**باسی سییەم:**

## ٣. چەند جیاوازییەکی گشتی لە نێوان زارەکوردییەکان و زمانە ئێرانییەکاندا:

ئەو بابەتانەی سەرەوە دیاردەی زمانی و گشتی بوون لە ناو زارەکوردییەکاندا، بەلاّم هەندێ دەنگی تر هەن کە دەبێ لەگەل زمانەکانی تری ئێرانی وەك فارسی، تاتی و تالشی بەراورد بکرێن.

هەندێ بزوێن بە روونی بۆمان دەردەخەن کە حەلقەی نێوان زمانی کوردی و فارسین لە سەردەمێکی دووردا. وەك ئام نمونانەی خوارەوە(علیرضا اسدی، ١٣٩٠:٩٦):

| پەهلەوی | ک.ژێ | ک.ژو | فارسی |
|---|---|---|---|
| eg | î | u | ê |
| murdeg | mirî | mirdu | murdê |
| xaneg | xanî | xanu | xanê |
| hefteg | heftî | hefte | heftê |
| nameg | name | name | namê |

٢.١.٣. هەر وەك لە سەرەوە دیار دەبێت دەنگی/ه.e/ی کوردی لە فارسیدا بۆتە /ێ.ê/ وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| e → | ê |
| taze | tazê |
| perde | predê |
| şîşe | şîşê |
| peyda | pêyda |

٣.١.٣. هەروەها /بزرۆکە.i/ی کوردی[٥] لە فارسیدا بۆتە / ۆ.o / بەلاّم لە تالشیدا وەك کوردی ماوەتەوە(مهرداد نغزگو، ١٣٨٤:٥٢). وەك:

| کوردی | فارسی | تالشی |
|---|---|---|
| i → | o → | i |
| bizn | boz | biz |
| bilbil | bolbol | bilbil |
| diz | dozd | diz |
| hişk | xoşk | xişk |

[٥] . هەڵبەت ئەم دەنگە لە دوای هاتنی ئیسلام لە شوێنی دەنگی /و/ی عەرەبی زۆرتر دەرکەوتووە، بۆنمونە ناوەکانی وەك(موصحەف، موصتەفا، مورشدو موراد..هتد) لە ک.ژوو /و.u/ەکان بوون بە بزرۆکە/i/ و بە شێوەی( mishef, mistefa, mirşd,mirad) دەوترێن، بەلاّم بەم دواییە، بە هۆی بە هێزبوونی بیری ئیسلامی و رەوتی سەلەفی و تێکەڵی و مەیلداربوونی بەشێکی زۆر لە خەلك بۆعروبە، زۆرێك لە کوردان وا بیر دەکەنەوە ئیتر ناوهێنانی مستەفا(mistefa) گوناهێکی زۆر گەورەیە دەبێ بە موصتەفا بدرکێندرێت. ئەمە بۆناوەکانی تری عەرەبی هەروا بوو، جاران کورد بە تایبەتی ک.ژوو دەیوت(ئەڤلا)، دواتر کردیان بە (ئەڤدلا) پاشان بوو بە (ئەبدلا)، ئێستا پێویستە یا فەرزکراوە کە بلێن (عەبدوللاّ(لەزگین چالی، nefel.com)ناوێکی وەك (عوسمان)یش بە هەمان شێوە، وەسمان بوو، بوو بە ئوسمان، ئێستا دەبێ وەك عەرەب بلێین(عثمان).

| | | |
|---|---|---|
| nazik | nazok | nazik |
| pirr | por | pir |
| bilind | bolend | bilind |

**هەروەها دەنگی بزرۆکەی کوردی و تالشی(مهرداد نغزگوی ٥٤:١٣٨٤) لە فارسیدا دەبێ بە (ێ) وەك ئەم نمونانەی خوارەوە:**

| کوردی | تالشی | فارسی |
|---|---|---|
| i ⟶ | i ⟶ | ê |
| kitrî | kitrî | kêtrî |
| imam | imam | êmam |
| dibistan | dibistan | debêstan |

**٥.١.٣. هەندێ جار /ا/ی فارسی لە کوردیدا دەبێت بە /ێ/ یان/ە/ هەروەك لەم نمونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:**

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| Ê ⟶ | A |
| Rê | rah |
| Pê | pa |
| Nimêj(nivêj) | nemaz |
| Drêj | dêraz |
| Goneh | gonah |

**٦.١.٣. هەندێ جار /ۆ/ی کوردی لە فارسیدا دەبێ بە /و/ وەك ئەم نمونانەی خوارەوە(هۆگۆ مەکاس و ئەوانیتر٦٥:٢٠٠٥):**

| ك.ژووـك.ژێ | فارسی |
|---|---|
| O ⟶ | û |
| Zor | zûr |
| Roj | rûz |
| Dost | dûst |
| Goh | gûş |

**٧.١.٣. لە کۆنسنانتەکانیش دەکری ئاماژە بەم گۆرانکارییە بکەین(فرێدریش مولیر و ئەوانیتر٧٦:٢٠٠٥):**

| ك.ژوو | ك.ژی | فا |
|---|---|---|
| v ⟶ | w ⟶ | M[٦] |

[٦]. **شایانی باسە کە خەلکی ناوچەی سنووری باکوور و رۆژهەلاتی کوردستان (دەڤەری بن خەت) بەشێکیان وەك زمانی فارسی دەنگی /ڤ/ دەکەن بە /م/. هەروەها دەنگی /و/، /ڤ/، /ب/، /م/ لە زمانەکانی ئێرانیدا زۆر لەگەل یەکتری جێگۆرکێ دەکەن بۆ نمونە سێو لە فارسیدا دەبێ بە سیب (مزگین عەبدورەحمان، ٤٩:٢٠١١). یان زمان دەبێ بە زبان، ئەمەش (یاساکانی گریم) بۆ زمانەکانی دێرینمان بەیاد دەهێنێتەوە. هەروەها لە زاری لۆری و هەورامیدا وەك زمانی ئێرانی دێرین /ب/یەکانی سەرەتای وشە زۆربەیان دەبن بە /و/ (مهری باقری، ٦٤: ١٣٨٠)وەك: بەهار: وەهار، باران: واران، بانگ: وانگ ....هتد.**

| | | |
|---|---|---|
| nav | naw | nam |
| nîv | nîw | nîm |
| mêvan | mêwan | mêhman |
| kivan | kewan | keman |
| hevkar | hawkar | hemkar |

**٨.١.٣. هەندێ جار مۆرفیمەکانیش جیاواز دردەکەون، پاشگری پەسن سازی (ـن.in) لە زاری کوردیدا جیاوازە لە فارسی، لە فارسیدا وەك/و. u/ دمردەکەوێت، بەلاّم هەمان مۆرفیم لە زاری مازەندرانی دا وەك کوردییە(فخرالدین سورتیجی، ١٣٧٥:١٥٣). نمونە:**

| کوردی | مازەندەرانی | فارسی |
|---|---|---|
| wirgin | zigin | şêkemu |
| çilmin | epîcin | ----- |

**٩.١.٣. هەندێ جار تایبەتییەکی زمانی لە شوێنێك هەیە، بەلاّم هەمان تایبەتی لە شوێنێکی تر بە پێچەوانەیە. بۆ نمونە لە شێوەی هەولێری /ل/ لە زۆر شوێن دەبێ بە /ر/، بەلاّم لە زاری خوراسانیدا پێچەوانەیە، /ر/یەکانی فارسی دەبن بە /ل/. وەك ئەم نمونانەی خوارەوە(محمود الیاسی، ١٣٨٩):**

| فارسی | خوراسانی |
|---|---|
| surax | sulax |
| diwar | difal |
| berg | belg |

**٢.٣. بەرامبەرکردنی جیاوازییەکان:**

**دوای دیار کردنی هەندێ جیاوازی لە نێوان دیالێکتە کوردییەکان و زمانە ئێرانییەکان، وێنەیاکی تەواوی ئەم بابەتانە بەم شێوەیە دەبێت:**

**لە ك.ژوو(حەوزی بادینان و هەکاری) و لۆڕیدا هەندێ دیاردەی زمانی هەن کە هاوبەشن و لە گەڵ زارەکانی تر جیان بە زارەکانی تری (ك.ژوو)شەوە. لەوانەش:**

**ا. بزوێنی /وو. / لە هەردوولا دەبێ بە /وی.ü/. لە زمانی تالشی و تاتی بە هەمان شیوە.(مهرداد نغزگوی ٤٢: ١٣٨٤و ایران کلباسی ١٣٨٤:٥٧)وەك:**

| تاتی، تالشی | کوردی |
|---|---|
| Vüz | güz |
| Dür | dür |
| Qeylün | qelün |

**ب. بزوێنی /ۆ. o/ لە هەردوو زار نییە یا کەم بەکار دێت، لە شوینی ئەو /وو. Û، و.u، یان وی.ü/ بەکار دێت.**

**ت. بزوێنی بزرۆکە/ i/ لە ك.ژوو و تاتی و تالشی وەك یەك بەکار دێت. لە ك.ژێ بەشێکی زۆری وشەکان یان لەگەل ئامرازی پەیوەندی دەبن بە /ە. e/. لە فارسیدا دەبن بە /ێ. ê/.**

ج. دەنگی /وو/ لە زاری ك.ژێ، دەبێ بە /ی/ لە فەیلی و بادینانـدا بـە تایبـەت ئەگەر وەك مۆرفیمی ئاوەلناوی کراو بێت.

ح. دەنگی /و/ لە زاری ك.ژێ لە هەندێ وشەدا دەبێ بە دەنگی /ف/ لە ك.ژوو و فەیلیدا.

خ. دەنگی /د/ لـە کارەکـانی ك.ژێ لـە بەرامبـەری لـە ك.ژوو دا دەسـوێن و نـامینن بـەلاّم لـە هەنـدێ وشـەدا لـە فەیلیدا دەبن بە دەنگی/ی/.

ر. نـەبزوێنی /ڤ. V/ لـە ك.ژێ و فەیلیـدا کـەم بـەکار دێـت، لـە شـوینی /و.W / بـەکاردێت. بـەلاّم لـە فارسـی و ك.ژوو زۆر بەکار دێت.

٣.٢.٢. ئەگەر بە چەند هاوکێشەیەك ئەم جیاوازییانە دیار بکەین، بەم شێوانە دەبن:




هەندێ جار ك.ژێ و فەیلی فۆرمیکی هاوبەش وەردەگرن و ك.ژوو بە هەموو شیوەزارەکانی جیاواز دەبێت:

| ك.ژێ-فە | ك.ژوو-تا | فا |
|---|---|---|
| e → | i → | ê |

| ك.ژێ- فە- هە | ك.ژوو- فا- تا |
|---|---|
| w → | v(m) |

| ك.ژێ → | ك.ژوو → | لۆ → | پەهلەوی |
|---|---|---|---|
| Û | y | y,g | g |

| ك.ژێ → | ك.ژوو → | لۆ |
|---|---|---|
| w | F | f |
| ك.ژێ → | ك.ژوو → | لۆ |
| D | ø | y |

### ٣.٣. زارەکوردییەکان لە روانگەی دیالیکتۆلۆجی مێژووییەوە:

لێکۆلینـەوە لـە زارەکوردییـەکان پێویسـتی بـە سـەر لـە نـوێ پێداچـوونەوە هەیـە، بـە تایبـەت بـۆ دیـالیکتۆلۆجی مێژوویی، تاکو دیار بێت کام دەنگ تایبەتە بە چ دیالێکتێك یان چۆن دەنگێك دەربازی دیـالێکتێکی تـر بـووە؟ یـان ئەگەر بە هۆی هۆکاری کۆمەلاّیەتی وەك کۆچ و ئاوارەیی بووە لە چ سەردەمێك و چۆن گواسـترایتەوە؟ یـا هـاتنی دەنگێکی بیـانی لـە چ قۆنـاغ و بـە هـۆی چـییەوە بـووە؟ بۆ نمونـە زمـانی بەلوچـی بـە زمـانێکی ئێرانـی باکوورو باکووری رۆژهەلاّت دەناسرێت، بەلاّم شوێنی دانیشتنی نەتـەوەی بـەلوچ لـە باشـووری ئێرانـە، بـە هـۆی ئـەوەی کـە سەردەمانێکی دوور بەلوچەکان لە باکووری ئێران و لە رۆژهەلاّتی دەریای قـەزوین نیشـتەجێ بـوون. دواتـر بـەرەو خوارەوە هاتوون، لە شاهنامەی فیردەوسی ناویـان لـە ناوچـەی خوراسـان هـاتووە. لـە سـەدەی پێنجـەم و شەشـەمی

کۆچی، سنوورەکانیان لە کرمان بووە، دواتر هێواش هێواش بەرەو خوارەوە چون تاکو ئێستا لە باشووریترین ناوچەی ئێران لە سەر دەریای عومان نیشتەجێن(خانلری، ١٣٧٣:٨٣٠). ئێمە بەلای کەم دەزانین کە کوردەکانی خوراسان کەی راگواستراونەتە خوراسان، بەلاّم بە تەواوەتی بۆمان دەرنەکەوتووە کە زازاییەکان کە هاوبەشییەکی زۆری زمانیان لەگەل هەورامییەکان هەیە چۆن وا لێك ترازاون؟ یا شەبەکەکان بە چ شێوەیەك لە زەنگەنە و باجەلانەکانی کفری و قادرکەرەم و سیامەنسوری جیا بوونەتەوە و کەوتونەتە خۆرهەلاّتی موسلّ؟ یان تایبەتییەکانی دەنگی و رێزمانی تاتی و تالشی بە چ شێوەیەك توانیویەتی ناوچەکانی ئازەری ببڕیت و بگاتە ك.ژوو و زازایی.

نمونەی تر بۆ ئەم جۆرە تێکەلیانە دەکرێ ئاماژە بە (جیمس کلۆد ریچ) بدەین کە لە سالی (١٨٢٠-١٨٣٠)نوسیویەتی(( لە ئییالەتی شارەزوور- نزیك سلیمانی- چەند گوند هەبوون کە دانیشتوانەکانی هەموو ئەفغانی بوون و بە ئەفغانی قسەیان دەکرد)) بۆچەسپاندنی قسەی خۆی باسی لەمە کردووە کە جل و بەرگی کوردییان لە بەر کردووە، و دەلّێت کە چەند جارێك سەرەدانی گەورەی ئەوانم کرد، کە ناوی (عیسا ئاغا)یێك بووە. ئایا ئەم گوندە ئەفغانییانە چییان بە سەر هات؟ گەڕانەوە یا لە ناو خەلکی دەوروبەر تواونەتەوە؟ چونکە نزیکەی ٧٠ گوند دەبوون. ئەم بابەتە بە خۆی بەلگەی ئەوەیە کە نەك تەنیا دەوروبەر و هاوسێ بەلکو نەتەوە دێرینەکانی بنەمالّەی زمانە ئێرانییەکان پەیوەندییەکی ریشەییان لەگەل یەکتری هەیە.

بۆ زارەکوردییەکان نمونەی روون هەن کە جیاوازییەکان لە چەند سەد سالّی رابردوودا بە شێوەی ئێستا نەبووە و زۆر لێك نزیك بوونە. مەلا مەحمود بایەزیدی لە پێشەکی وەرگێڕانی شەرەفنامە دا دەلّێت کە زارەکوردییەکان گەلێك لە یەك نزیکن و کێشەی لە یەکتر گەیشتن لە نێوانیاندا نەبووە، تەنیا زارەکانی لوڕی و کەلهوڕی تا رادەیەك تێگەیشتنیان پێویستی بە لێ ورد بوونەوە هەبووە(شەرەفخان بدلیسی، ٢٠٠٧:٢١). نمونەیەك لە نزیکی زارەکوردییەکان دەکری ئاماژە بە (خۆدیسکۆ) بکەین کە باسی سەرەدانی خۆی بۆ لای دوایین میری بابان کە لە فەرەنسا بووە دەکات و بۆ لێکۆلینەوە لە سەر زمانی کوردی هەندێ پرسیار لە پاشای بابان دەکات. لە نووسینەکانی دا دەردەکەوێت کە میری بابان هەر وەك شێوەی هەولێری دەنگی /ل/ی بە /ر/ درکاندووە، لەبەر ئەوەی وشەی (مندالّ)ی بەم شیوەیە یا وەك سلیمانییەك نەنووسیوە (منالّ) بەلکو وەك هەولێرییەك بە (مندار) نووسیویەتی. گومان لەوەدا نییە کە خۆدیسکۆ لە نەزانی یان بە ئەنقەست وای نەنووسیوە، بەلّکو شێوازی دەربڕینی پاشا بەم شێوەیە بووە. جگە لەمە دەکری ئەم پرسیارە بکەین چۆن لوڕی و شیوەزاری بادینی کە لە نێوانیاندا ك.ژێ و گۆران هەیە لە زۆرێك لە دیاردەی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، هەندێ جاران سینتاکسیش هاوبەشن.

لەلایەکی تر سیاسەتی کۆلۆنیالیزم رێگەخۆشکەر بووە بۆ لاوازبوون و لە ناوچوونی زمانەکان، کاتێ کە ئیمپراتورییەتی ئیسلام گەشەی کرد، دواتریش کە تورکەکان خەلافەتیان گرتە دەست، یا شەڕی سەفەوی و عوسمانی بە شێوەیەکی بەرفراوان زمانەکان لە ناوبران یا بەرەو لەناوچوون رۆیشتن، بە هۆی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسییەوە. لەم سەردەمەشدا لە تورکیا، سوریا، عێراق، ئێران، کوردەکان و ئارامییەکان لە سوریا و قبتییەکان لە میسر و بەربەرەکان لە جەزایر و مەغرب توشی هەمان چارەنووس بوونەوە. ئاکامی هەموو ئەم سیاسەتانە یەك شتی هاوبەشە، ئەویش بەریەککەوتنی زمانە(Language contact) کە وەك کێشەی زمانی(Language conflict) فشاریکی زۆر بەرهەم هاتووە و قسەکەرانی زمانێك ناچار بە وەرگرتنی

زمانێکیتر بن(Spolsky, ٥٥:٢٠٠٨). بۆیە پێویستە ئاراستەی مێژووی دیالیکتۆلۆجی کوردی پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و لە ناو لاپەڕەکانی مێژوویی و کۆمەلاَیەتی و پەیوەندییە شارستانییەکانی کورد، هۆی جیاوازی و وەك یەکی زارەکوردییەکان و زمانە ئێرانییەکان روون بکرێتەوە.

## ئەنجام:

لەم لێکۆلینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك کە لەم خالاَنەی خوارەوەدا کورت کراونەتەوە:

١. هەموو زارەکانی کوردی لە رووی دەنگی بزوێنەوە پەیوەستن یا گرێدراون بە زمان و دیالێکتەکانی هاوسێی رۆژهەلاَتی کورستانەوە و تا رادەیەکی زۆر تایبەتییەکانی زمانی بنەمالَەی زمانە ئێرانییەکانیان لەم روانگەیە پاراستووە.

٢. لە هەر زاریکی کوردییدا هەندێ تایبەتی دەنگی هەن کە تەنیا تایبەتە بە زارەکە و لە زارەکانی تردا هەمان دیاردە بەدی ناکرێن.

٣. هەندێ دەنگ لە زارەکوردییەکاندا لەگەلْ زارە هاوسێیەکانی کوردی جیاوازە، بەلاَم هەمان دیاردەی دەنگی لە زارەکی دوورتری کوردیدا بە دیار دەکەوێتەوە.

٤. بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەو پەیوەندییە دەنگییانەی کە لە شوێنێکی جوگرافی دەربازی شوێنێکی تر بوونە و چەند ناوچەیەك یا هێلێکی زمانی(Isogloss)یان بڕیوە، پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێی دیالیکتۆلۆجی مێژوویی بۆ زارەکانی کوردی بکرێت.

٥. هێلی زمانی(Isogloss) بۆ هەندێ دیاردەی دەنگی لە نێوان زارەکوردییەکاندا بە ئاسانی دیار ناکرێت لەبەرئەوەی ئەم دیاردە دەنگییانە بە پێی هێلێکی ئاسۆیی گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە.

## سەرچاوەی کوردی:


١. تارا عەبدوللاَ سەعید، هەندێ لایەنی رێزمانی زاری فەیلی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٨.

٢. رەفیق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپ و بلاَوکراوەی موکریانی، ٢٠٠٨.

٣. ـــــــ ، رێزمانی زاری شوان، بەغداد، ٢٠١٣.

٤. شەرەفخان بدلیسی، شەرەفنامە، تەرجەما مەلا محمود بایەزیدی، وەشانا سپیریز،٢٠٠٧.

٥. عەبدولەناف رەمەزان ئەحمەد، ئەتلەسی زمانی هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نمونە، وەشانا سپیریز ٢٠١١.

٦. فەریدون عەبدول محەمەد، چەند لایەنێکی رستەسازی زاری هەورامی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٨.

٧. محەمەد ئەمین هەورامی، زاری زمانی کوردی لە تەرازوی بەراورد دا، بغداد ١٩٨١.

٨. مزگین عەبدورەحمان ئەحمەد، گەردانکردنی کار لە زمانی پەهلەوی و کوردیدا- کرمانجی سەروو نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی زمان بەشی کوردی، ٢٠١١.

٩. مهاباد کامل عەبدوڵڵا، کار لە کرمانجی خواروو و هەورامیدا، نامەی ماستەر کۆلیژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٦.

١٠. هیوا ئەحمەد عەساف، هەندێ جیاوازی زمانی لە شێوەی ئاخاوتنی شوانی کێشکدا بە بەراورد لەگەل زاری کوردی ناوەراست، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩.

١١. S.Veroj- Abdurrahman Uçaman, ferheng- vajname, weşanên War, Stanbol, ٢٠٠٢.


**سەرچاوەی فارسی:**


١٢. ایران کلباسی، شباهتها وتفاوتهای گویشهای تالشی، گیلکی و مازندرانی. مجله زبانشناسی سال بیستم، شماره اول بهار و تابستان ١٣٨٤.

١٣. پیتر ترادگیل، زبانشناسی اجتماعی، درامدی بر زبان وجامعه، ترجمه محمد طباطبایي، نشر اگه ١٣٧٦.

١٤. علی اکبر شیری، درامدی بر گویش شناسی، انتشارات مازیار، ١٣٨٦.

١٥. علیرضا اسدی، فرهنگ تطبیقي گویش کردی ایلامی با زبان ئیرانی میانه، انتشارات جوهر حیات،١٣٩٠.

١٦. فخرالدین سورتیچی، تکواژەهای وابسته گویش مازندرانی، مجله فرهنگ، ویژه زبانشناسی، سال نهم، شماره اول، شماره مسلسل ١٧، بهار ١٣٧٥.

١٧. گرور هادسن، مباحث ضروری و بنیادین زبان شناسی مقدماتی، ترجمه علی بهرامی نشریات رهنما، سال ٢٠٠٤.

١٨. محمود الیاسی، اطلس زبانی منطقەیی حد فاصل شهر تربت جام و شهر مشهد( بر پایەی اطلس زبانی انگلستان) همایش بین المللی گویشهای مناطق کویری ایران. دهم ویازدهم اذرماه ١٣٨٩.

١٩. مهرداد نغزگوی کهن، دستگاه واجی گویش تالشی و کاربردی آن در تحلیل بعضی خصوصیات فارسی جدید. مجله زبانشناسی، سال بیستم، شماره اول بهار وتابستان ١٣٨٤

٢٠. مهری باقری، واج شناسی تاریخی زبان فارسی، نشره قطرة، ١٣٨٠.

٢١. یوسیف م.ارانسکی، زبانهای ایرانی، ترجمه علی اشرف صادقی، انتشارات سخن، ١٣٨٦.


**سەرچاوەی ئینگلیزی:**


٢٢. Bernard Spolesky, ٢٠٠٨, Sociolinguistics, Oxford university press.

٢٣. Chambers. J.K. & Peter Trudgil, ١٩٨٠, Dialectology, Cambridge university press.


**سایتی ئینتەرنتی:**


٢٤. www.nefel.com, lezgînê çali, dengên /o/,/u/ û /û/yê di kurdiyê da. ٢٦-٥-٢٠١٤

**الملخص:**

علم اللهجات مادة اساسية فى علم الأجتماعي اللغة ، حيث لم يكن موضوع اهتمام – الي حد ما- لدي اللسانين الكورد. و قد قمت الدراسة في هذا الموضوع بالقاء الضوء علي جوانب من الأصوات في اللغة الكوردية التي نبرز بانماط مختلفة ضمن اللهجات الكوردية المتعددة، مقارنة باللغات الأسرة الأيرانية. و خصوصاً اللغات (الفارسية، التالشية، التاتية و المازندرانية). و تتميز الدراسة ببيان اللهجات التأريخية في مقارنة الأصوات بين اللهجات الكوردية من جانب، و بينها و بين اللغات الأيرانية من جانب آخرعلي طريقة التحليل المقارنة.

و تنقسم الدراسة الي ثلاثة مبحث:

الاول: تعريف اللهجة و ماهيتها، و تحليل العوامل المتعلقة في تكوين اللهجات.

الثاني: الفروق الصوتية بين اللهجات الكوردية المتعددة.

الثالث: الفروق الصوتية بين اللغة الكوردية، و لغات الأسرة الأيرانية.

و في النهاية، قدم البحث مجموعة من النتائج.

***Abstract***

Through the perspective of sociolinguistics this research attempts to shed light on some Kurdish phonemes which are articulated (pronounced) in different ways and from the same perspective the study compares these sounds with neighborhood Iranian languages especially the Persian, Tati and Taleshi languages.

This study adopts the method of analyze descriptive analysis and through the perspective of historical dialectology analysis the topics. Devices which are used and the research scope are the current dialects of Kurdish language. Inspire of that the spoken language –not written one of Persian, Tati and Taleshi- is studied.

This study consists of three sections as follows:

The first section talks about the definition of dialect & causes of appearance of dialect.

The second section talks phonological difference of Kurdish dialects.

The last section, deals with the analysis of points of similarities and differences between Kurdish dialects and Persian, Tati and Taleshi languages. Finally, the research presents some findings.